# بەختەوەری لەعەشق دایە

هێمن موکریانی دەڵێ:هەموو کوڕێك چاوی لەکچێکی جوانە، هەموو کچێکیش چاوی لەکوڕێکی سەرمایەدارە...ُدواتر دەڵێ: هەردوو راکە هەڵەو تێکشکاون، چونکە هەمُوو ژنێکی شۆخ دوای دوو منداڵ و چەند ساڵێك ڕەونەقی کاڵ دەبێتەوە و شۆخی باڵاو تریفەی گۆناکانی لاواز دەبن، پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە، ئەگەر پرۆسە هاوسەرگیریەکە لەسەر بنەمای جوانی باڵای کردبێ، بێشك جودابوونەوەو ماڵوێرانی ڕوودەدات.

بێگومان بۆکچێکیش هەروایە گەر بۆ پارەو بۆ خاتری ماڵی دنیا شوی کردبێ، ڕۆژێك دادێ هەژاری میوانی ناوەختو کەموەختی ماڵ و گیرفانی کورە دەبێ، بێگومان ئەو کاتەش ژیان چاوەڕێی فیراق ومەترسی جۆربەجۆر دەبێ ، دوای ئەوەی شرۆڤەی قسەکەی مام هێمنمان کرد، خەیامی گەورە شاعیری فارس دەڵێ:

**پیاو بۆخۆی بمێنێ ماڵی دنیاشی دەبێ**
**پیاڵە دەمێ بەتاڵ و زۆر جاریش پڕ دەبێ**

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتیش گەلی کورد بۆ هەمیشە شیکردنەوەمان بۆ پێویستی ژیان و پرۆسەی هاوسەرگیری لەدیدگای کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەندروستی بووە، بێگومان منیش وهەموومان لەگەڵ ئەم سێ چەمکەی کۆمەڵگادایین، هەریەك لەم سێ چەمکەش بەبەڵگە چ لەژیانی کۆمەڵگاو چ لەژیانی عەشقدا پێویست و بەرجەستەن، بەڵام لایەنێکی تری جوانو شاراوەی خۆشەویستی مخابن لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە ناو گەنجان بەکورو کچەوە.. فەرامۆشکراوە .. ئەم چەمکە بەهێزو شاراوەو نابەرجەستەیەش لایەنی ڕۆحییە لە ژیانی عەشق وپرۆسەی هاوسەرگیریدا، نموونەی بەهێزو زیندووش ئەو پرسیارەیە لەناو لاوانی ئێمە، کەبەردەوام وەکو شتێکی ڕۆحی گوێ بیستی دەبین، ئەمەش بروانەبوونو بێ هیوایی بەچەمکی خۆشەوێستی، هۆکارە بنچینەییەکەش ئەوەیە بەگشتی نا، بەڵام لەزۆربەی شوێن، بەها کۆمەڵایەتیو ماددیو مەعنەوییەکان جێگای لایەنە ڕۆحیەکەیانی پڕکردۆتەوە. بەشێوەیەکی نا مەفهومو نابەرجەستە، لەتەسەوفیشدا جوانی دڵەکانو ڕۆحی ئەوین وجودیان هەیە، لەڕوانگەی فەلسەفەش زۆر ڕای جیاواز هەن سەبارەت بەچەمکی خۆشەویستیُ، کە سەرجەم سۆزەکان پێداگری لەسەر دڵنیاییو ڕاستگۆییو بەخشینی ڕۆحی دەکەنەوە، لە ژیانی عەشق و خۆشەویستیدا. بە بۆچوونی من ئەوەی دڵنیایی نەداتە بەرامبەرەکەی و خۆشەویستی بکات لەباتی ژیان وێرانە بەرهەم دەهێنێ. ئەوەی ڕاستگۆ نەبێت و خۆشەویستی بکات بەر لەهەموو کەس درۆی لەگەڵ خۆی کردووە، ئەوەی نەبەخشێت و خۆشەویستی بکات، مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ڤیانەکەی کردووە، لەعەشقدا دەسکەوت نییە، پلەو پایە نییە، مەرامی تایبەت نییە، لەعەشقدا بێ بەچەمکی ژیان دۆستی و خۆشویستنی ڕۆحی، سێکس وجودی نییە. لەعەشقدا ئەوەی بۆخۆت حەزت لێیە ناتەوێ، ئەوەی مەعشوقەکەت حەزی پێدەکا دەتەوێ. ئەوەی حەزت لێیەو بۆی تامەزرۆی پێشکەش بە خۆشەویستەکەتی دەکەیت، ئەوەی تۆ پێت جوانە ئەو دەیپۆشێ، لەعەشقدا دڵەکان تەزێ دەبن لە پاك بوونەوە، چاوەکان پڕ دەبن لە ئەسرینی شادی، ناخ عەشقێکی سەرمەدی ئاوەدانی دەکاتەوە، لەعەشقدا ڕوداوی چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدەن،خەمەکان خۆشەویستن، شادییەکان بەرهەمی ڕۆحن، ُدرختمان سنۆبەرن چواروەرزە سەوزن، شەو پەرستگایە، بێداری وخەیال ُدادوەرن، کولتوورەکان پێك دەکێشن تخوبەکان هەڵدەوەشێنەوە، چین وتوێژەکان موتوربە دەبن، تەندروستی گیان و شادی بۆژیان بەرهەم دێنێ.



دڵشاد میراودەلی

